من پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- کە میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا

لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە ئەمیش لە هەمامی کوڕی حاریسەوە دەڵێت: جەریر میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا^، پێی ووترا: ئایا تۆ ئاوا دەکەیت؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، من پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- کە میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا، ئەعمەش دەڵێت: ئیبراهیم تێبینی کردبوو کە ئەم فەرموودەیە جێی سەرسوڕمان بوو بۆیان (بۆ خەڵکەکە)، چونکە جەریر دوای دابەزینی سورەتی -المائدة- موسڵمان بوو. ^(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لەپێدەکرێت بەڵام لە پێست دروست دەکرێت)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

جەریری کوڕی عبد الله ڕەزای خوای لێبێت- میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت و تەنها مەسحی کرد بەسەر خوفەکانی، و پێیەکانی نەشۆرد، ئەوانەی دەوروبەری پێیان ووت: تۆ ئاوا دەکەیت؟! ئەویش ووتی: بەڵێ، پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا. جەریر دواکەوت لە مسوڵمان بوونیدا؛ لە پاش دابەزینی سورەتی (المائدة) بوو، کە ئایەتی دەستنوێژی تێدایە، ئەمیش ئاماژەیە بۆئەوەی کە مەسحکردن لەسەر خوفەکان بەو ئایەتە هەڵنەوەشاوەتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65378